# ئەگەر چوونە سەرئاو کردن ؛ ڕوو لە قیبلە مەکەن وپشتی تێمەکەن، بەڵکو ڕوو لە ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوا بکەن

لە ئەبی ئەیوبی ئەنساڕیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر چوونە سەرئاو کردن ؛ ڕوو لە قیبلە مەکەن وپشتی تێمەکەن، بەڵکو ڕوو لە ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوا بکەن». ئەبو ئەیوب دەڵێت: «کاتێک هاتین بۆ شام، بینیمان سەرئاوەکان بەرەو ڕووی کەعبە دروستکراوە، بۆیە خۆمان لە ڕووکردنە قیبلە لادەدا، وداوای لێخۆشبوونمان لە خوای گەورە دەکرد».
[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

ئەو کەسەی دەیەوێت سەرئاو بکات لە میزکردن یان پیسی کردن ؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی لێکردووە ڕوو بکاتە ئاراستەی قیبلە وڕووی لە ئاراستەی کەعبە بێت، هەروەها نەهی لێکردووە پشت لە قیبلە بکات بەشێوەیەك لە ئاراستەی پشتیەوە بێت ؛ بەڵکو دەبێت ئاراستەی ڕووی بگۆڕێت بەرەو ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوا ئەگەر ئاراستەی قیبلە لەلای ئەو وەکو ئاراستەی قیبلەی خەڵکی مەدینە بوو. پاشان ئەبو ئەیوب -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەی کرد کاتێك هاتن بۆ شام بینیان سەرئاوەکان بەرەو ئاراستەی کەعبە دروستکراون، بۆیە ئەوانیش ئاراستەی لاشەیان لە ئاراستەی قیبلە لادەدا ؛ لەگەڵ ئەمەیشدا داوای لێخۆشبوونیان دەکرد لە خوای گەورە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3078

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee